لێکبوونەوەیەکی ئەمنی جێخت لەسەر گرنگی ئامادەیی بەردەوامی هێزە ئەمنییەکان کرایەوە

فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکان، ڕۆژی سێشەممە، جێختی لەسەر گرنگی ئامادەیی بەردەوامی هێزە ئەمنییەکان و کارکردن وەک یەک تیم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنییەکان کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوێکی فەرماندەییەکەدا، کە بەئاژانسی موتەبع گەیشتووە، تەیدا هاتووە کە "فەریقی یەکەمی ڕوکن قەیس محەممەداوی جێگری فەرماندەی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە سەرکەی ئەرکانی فەرماندەیی و بەڕێوەبەری ناوەندی ئۆپراسیۆنی زانیاری و ئەرگانەکانی ستاف و ژمارەیەک ئەفسەری تەدابوو".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆشکراوە، "لەم دیدارەدا دوایین پێشهاتە ئەمنییەکان و پێشهاتە مەیدانییەکان تاوتوێ کران، ئەمەش جگە لە زنجیرەیەک گفتوگۆ و سەرنج لەلایەن ئامادەبووانەوە، بۆ ئامانجی پاپێشتیکردنی کاری ئەمنی و هەواگری".

لە میانی دیدارەکەدا محەممەداوی جێختی لە "گرنگی بەردەوامی ئامادەیی هێزە ئەمنییەکان و کارکردن وەک یەک تیم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنییەکان" کردەوە.